# لەیادی سێساڵەی کوژرانی فادیمەدا

**ئەحمەد ئەسکەندەری**



سێساڵ بەسەر ئەورۆژەدا تێپەری کە فادیمەشاهیندالّ تەنها لەبەر ئەوەی ویستی خۆی شێوەی ژیان و هاوسەری ژیانی خۆی هەڵبژێریت، بەدەستی باوکی کوژرا. هۆی کوژرانەکە لەلایەکەوە کارتێکردنی فەرهەنگی عەشیرەتی دژبەژنو پیاوسالارانە بوو بەسەر باوکی فادیمەدا و لەلایەکی دیکەشەوە سەرنەکەوتنی وڵاتێک (سوێد) بۆرەخساندنی بواری خۆگونجاندنو یارمەتیدانی بنەماڵەی بێگانە لە کۆمەڵگاکەیدا.

فادیمە بۆماوەی چەند ساڵ هەموو ڕێگایەکی بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ باوکی و بنەماڵەکەی تاقیکردەوە. تەنانەت باوکی ئەوکورەی کە فادیمەی خۆشدەویست چووەخوازبێنی بۆماڵی فادیمە بەڵام فایدەی نەبوو و لەلایەن باوکی فادیمەوە ڕەتکرایەوە. فادیمە کە بۆیدەرکەوت ئەوان بڕیاری کوشتنیان داوەو پاشگەزیش نابنەوە، وەکوو دوایین ڕێگاچارە پەنایبرد بۆپۆلیسو دواتریش بۆ ماسمێدیای سوێد، لەپێشدا بەنهێنی وپاشانیش بەئاشکرا. فادیمە لەوتارەکەی خویدا لە پارلەمانی سوێد دەڵێت، *« دەبێ ئەمەروونو ئاشکرابێت کە هەر ژنێکیگەنج بەهەر پێشینەیەکی فەرهەنگیەوە کە هەیبێت، بتوانێ هەم بنەماڵەکەی ڕابگرێتو هەم ئەوەی ئەو ژیانەهەڵبژێرێت کە خۆی دەیخوازێت.»*

فادیمە هەم ڕێکخراوەکوردیەکان و هەم دەسەڵاتدارانی سوێد بەتاوانباردەزانێت لەوەدا کە ژیانی ئەو کەوتبووە  بارودۆخێکی وەها دژوارەوە، زۆر بەداخەوە هیچکام لەم لایەنانە نەیانتوانی فادیمە لەمردن ڕزگاربکەن. هەروەها نەیانتوانی پێشبگرن لەوەها تاوانێکی گەورەکە ئەنجامەکەی زیندانیکردنی باوکی فادیمەو کێشەدروستبوون بوو بۆ بنەماڵەکەی. لەڕاستیدا دایکی فادیمە هەم کچە جگەرگۆشەکەی لەپێش چاوی خۆی و لەباوەشیدا کوژرا، هەم مێردەکەی کەوتە زیندانی هەتاهەتاییەوە.

دەزگا دەوڵەتیەکان و هەروەها بزووتنەوەی یەکسانیخوازیو ڕێکخراوەکانی ژنان و بەگشتی کۆمەڵگای سوێد – تەنانەت وڵاتانی دیکەی سکاندیناڤیش – ئەزموونێکی زۆریان لەکوژرانی فادیمەو ئەنجامەکانی وەرگرت. دیاردەی کوژران و توندوتیژی بەناوی ناموسەوە کەوتە بەر باسکردن و توێژینەوەو لێکۆڵینەوەیەکی بێوێنە.

دەوڵەتی سوێد سەرەتای مانگی دیسامبری 2004 میوانداری کۆنفرانسێکی گەورەی نێونەتەویی بوو بەبەشداری ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراوی NGO هەروەها ڕێکخراوەی پشتگیری لەمافی ژنانو بەتایبەت چالاکانی پارێزگاری لە ژنانی بەرکەوتووی توندوتیژی، هەروەها کەسانێکی زۆر لەوڵاتانی ئەورووپا، ئەمریکا، ئەفریقاو ڕۆژهەڵاتی ناوەراستەوە. لەم کونفرانسەدا کەلەژێر دروشمی «خەبات دژبە توندوتیژی پیاوسالارانە، بەجەختکردن لەسەر توندوتیژی بەناوی ناموسەوە» بۆماوەی دووڕۆژ بەڕێوەچوو، کەسانی بەرپرس، پسپۆڕ، شارەزاو چالاک لە

بواره جۆراوجۆرەکاندا باسێکی چڕوپڕیانکرد لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی بەناوی ناموسەوە.
لەم کونفرانسەدا جارێکی دیکەش جەختلەسەر ئەوەکرایەوە کە کوشتنو توندوتیژی بەناوی ناموسەوە دیاردەیەکی تایبەت بەوڵاتێک یان فەرهەنگێک یان تەنانەت ئایینێکیش نیە، بەڵکوو دیاردەیەکە لە پاکستان، بەنگلادش، ئەفغانستان، فەلەستین، وڵاتانی عەرەبی، ئەفریقا، تورکیاو کوردستانو بەشەکانی دیکەی دنیاش دەبینرێت.

توندوتیژی بەرامبەر بەژنان بەگشتی دیاردەیەکی جیهانیە و کوشتنی ژنان لەلایەن ئەو پیاوانەوە کە ئێستا یان پێشتر پەیوەندێکیان لەگەڵیان هەبووە لەهەموو وڵاتانی دنیا بەدیدەکرێت. بەڵام بەپێچەوانەی لێکدانەوە و توێژینەوەی هێندێک کەس ئەم کوشتنانە با ئەنجامەکەشی هەر بەرکەوتنی ژنانبێت، یەکسان نین لەگەڵ کوشتنی ناموسی. کوشتنی ناموسی کە دیاردەیەکی هەرە بەرچاوی توندوتیژی سیستەمی پیاوسالارییە، بریتیە لە کردەوەیەکی تاوانبارانە لەلایەن ژمارەیەک پیاوانو جاری وایە ژنانیش لەبنەماڵەدا کە کۆبوونەوەدەکەن، بڕیاری کوشتنەکەئەدەن، پلاندادەڕێژن، چەکی کوشتن ئامادەدەکەن، بکوژ دەستنیشاندەکەن و کاتوشوێنی کوشتنەکە دیاریدەکەن. پاش کوشتنەکەش پیرۆزبایی لەبکوژ دەکەن و چەپڵەی بۆلێدەدەن.

بەخۆشییەوە لەکوردستان فەرهەنگی یەکسانیخوازی لەگەشەکردندایەو سەرەرای دژواری زۆر وگیروگرفتی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی چالاکییەکی زۆر لەهەموو ناوچەکانی کوردستان بەدیدەکرێت. عەشیرەتەکان لەکوردستان هەرچەند لەبەر بارودۆخی سیاسی و بەرژەوەندی حیزبی لەلایەن هێندێک لە حیزبەکانەوە باوەشێندەکرێن و تەنانەت زیندووشدەکرێنەوە، بەڵام فەرهەنگی عەشیرەتی دژبەژن تارادەیەک تەنگی پێهەڵچندراوە.

خاتوو رووناک فەڕەج چالاکی بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان مانگی رابردوو لە کۆڕێکدا لە شاری ستۆکهۆلم باسی ئەوەی کرد کە ماوەیەک لەمەوبەر پیاوێکی بەساڵاچووی سەربەعەشیرەتێک کچەکەی کە سکیپڕبووە لەگەڵ خۆی بردوویەتە لای ئەوان لە سەنتەری راگەیاندنو رووناکبیری ژنان لەسلێمانی. ئەم پیاوە بەستەزمانە ئەڵێ ئەزانم ئێوە پارێزگاری لە ژنان دەکەن. عەشیرەتەکەم فشاریان بۆهێناوم کە کچەکەم بکوژم لەسەرئەوەی خۆشەویستی کردووە و پاشان هەڵیانخەڵەتاندووە. منیش کچەکەمم خۆشدەوێت و قەتکاری واناکەم کە بیکوژم. ئەوا بەئێوەی دەسپێرم و خۆیشم سەریخۆم هەڵدەگرم و لەداخی عەشیرەتەکەم دەچم بۆ بەغدا.

رێزگرتن لە فادیمە پارێزگاریە لە مرۆڤایەتیو سەربەستی و لەو ئارەزووانەی کە ئەو و هەزاران هەزار کچو ژنی وەکوو ئەو دەیانەوێت. دەکرا و دەکرێت هەلێکی وەها بڕەخسێت کە نە کچان ناچاربن بنەماڵەو خۆشەویستەکانیان بەجێبێڵن و نە ئەوکاتەیش لەگەڵ بنەماڵەکەیان دەمێننەوە ژیانیان لێبکرێتە زیندان. سەربەستی و مافی هەڵبژاردنی ئازادانە مافێکی رەوایە، کە هەموو پیاوانو ژنانی دونیا بۆیان هەیە ئەو مافەیان هەبێت.

لەکوردستانی رزگارکراودا دەبێ ئەوباوکەی کچەکەی لەسەر پەیوەندی خۆشەویستی کەوتووەتە

بەر توندوتیژی عەشیرەتەکەیەوە، بتوانێت بەسەربەستیەوە پارێزگاری لێبکاتو ناچارنەکرێت سەری‌خۆی هەڵبگرێت بەرەو بەغدا. ئەوە عەشیرەتەکەو سیستەمی پیاوسالارییە کە دەبێت بکەوێتە ژێرفشارو بەتەواوی پاشەکشەیان پێبکرێت. دەبێ هەرهەنگاوێک بەرەوکوردستانێکی ئازاد، سەربەستو دێموکراتیک هاوکات لانیکەم هەنگاوێکیش ژنانی کوردستان لەکۆمەڵگەیەکی یەکسان نزیکتر بکاتەوە. خەبات بۆئەو ئامانجەش ئەرکی سەرشانی هەموومانە بەژنو پیاوەوە و ئەۆەش گەورەترین رێزگرتنە لە فادیمەو هەموو فادیمەکانی دیکە.

2005/1/20